# قەزای ڕواندز لە ساڵنامەکانی عوسمانی دا ١٨٦٢-١٩١٢

**محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵەیی**
**مامۆستای یاریدەدەر/ بەشی مێژوو/ فاکەڵتیی ئاداب/ زانکۆی سۆران**
Mohammed.ibrahim@soran.edu.iq

**پێشەکی:**

ڕواندز لە ستراتیژییەتی عوسمانی، وەک ناوچەیەکی سنووری لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری، میرنشینی بابان، بادینان و ویلایەتی موصڵ بایەخێکی ئێجگار گەورەی لە سەدەی نۆزدەهەم پەیداکردبوو، بەتایبەتی لە قۆناغی بەهێزی دەسەڵاتدارییەتی میرنشینی سۆران، پایتەختی میرنشین شاری (ڕواندز) بوو؛ سنووری دەسەڵاتدارییەتەکەی تا خاکی جەزیرە و بۆتان درێژ دەبۆوە، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی ناوبراو و سەپاندنەوەی دەسەڵاتیی ناوەندییێتی عوسمانی لە ڕووی کارگێڕی، ئابووری، ئاسایش و سەربازی عوسمانی بە زۆر تێیدا جێگیرکرا، لەهەمانکاتدا قەزای ڕواندز، وەک ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی کوردستانی عوسمانی، کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان موصڵ و شنۆ، لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا، بایەخی ستراتیژی و ئاسایشی بازرگانی دەرەکی هەبوو، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتی شارەزوور لە ١٨٥٢ دا، ڕواندز وەک لیوایەک خرایە سەر ئیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور (إيالة بغداد مع شهرزول)، لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتی لە دوای دەرچوواندنی یاسای ویلایەتەکان لە ١٨٦٤، ڕواندز لە پایەی کارگێڕی (سەنجەق) واتە لیوا، بۆ ناوەندی قەزا گۆڕدرا، بۆیە ساڵنامەکانی عوسمانی گۆڕانکاری لە پەیکەری کارگێڕی، بەڕێوەبردن، بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاوەدانی، دادوەری، پرۆسەی خوێندن و ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە وێنەیەکی پەنجا ساڵەدا (١٨٦٢-١٩١٢)چ بە نووسین، یان بە ژمارە تۆماریانکردووە

**گرینگی ئەم توێژینەوەیە:** گۆڕانکاری لە پەیکەری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی قەزای ڕواندز لەسەردەمی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندییێتیی عوسمانی تۆمارکراون، پەردەهەڵماڵین لەسەر قۆناغێکی دیاریکراو لە لایەنی کارگێڕی و بەڕێوەبردن، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕواندز، ئەمە بێجگە لە گرنگیدانی ساڵنامەکان بە لایەنی پەروەردەیی و دادوەری و دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری گشتی، ئەم تۆمارانە لە قۆناغی شیکردنەوەی مێژووی پەرەسەندنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بایەخێکی مێژووییان لە کوردستانی عوسمانی هەیە.

**ئامانجی توێژینەوە:** کارکردن بۆ نووسینەوەی مێژووی گەشەسەندن و پێشکەوتنی سیستەمی کارگێڕی عوسمانی لە ڕواندز، خستنەڕووی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخ و بژێوی خەڵک، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی پەروەردە و دادوەری و دامەزراوەکانی تری خزمەتگوزاری لە قەزای ڕواندز و بەتایبەتی لە ناوەندی قەزاکەدا.

**هۆکاری توێژینەوە:** چاپکراوە ڕەسمییەکانی هەر دەوڵەتێک، بایەخێکی گەورەیان لە نووسینەوەی مێژووی هەر ناوچەیەکدا هەیە، بەتایبەتی ساڵنامەکانی عوسمانی زانیاریی گشتی، هەندێجار وردییان لەسەر بارودۆخی ناوچەیەکی دیاریکراو لەهەموو لایەنە ژیارییەکان تۆمارکردووە، بەتایبەتی لەماوەی دەرچوونی ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ، کە زانیاری گشتی و وردی لەسەر قەزای ڕواندز تۆمارکردووە.

**گرفتەکـانی تـوێژینەوە:** بەردەسـتنەبوونی هەمـوو ساڵنامەکانی ویلایەتی بەغداد، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سـەدەیەک ڕوانـدز وەک ناوەنـدێکی لیـوا (سـەنجەق) بەشـێک بـووە لە ئیـالەتی بەغـداد و شـارەزوور، هەروەهـا سـاڵنامەی وەزارەتەکـانی دەوڵەتـی عوسـمانی، گرفتێکـی گەورەی بەردەم تـوێژینەوە بـوون، کـە زۆری سـاڵنامەکانی لـە ئەرشیفەکانی تورکیا هەڵگیراون.

**ئەم تـوێژینەوەیە:** لە دەروازەیەک و سێ تەوەرەی سەرەکی و پوختەی لێکۆڵینەوە پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەم، تیشـک خـراوەتە سـەر گۆڕانکـاری پەیـکەری کـارگێڕی و بەڕێـوەبردنی قەزای ڕوانـدز، لە تەوەرەی دووەم: کار لەسەر ڕوونکاری بۆ مێژووی ئابووری و پەرەسـەندنی کـۆمەڵایەتی و بـارودۆخی ئـاوەدانی کراوە، لە تەوەرەی سێیەم: باس لە ڕەوشی پەروەردە و سیسـتەمی دادوەری و خزمەتگـوزارییە گشـتییەکان بەشێوەیەکی گشتگیر کراوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی سەرەکی لە سـاڵنامەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی لە مـاوەی نێـوان ١٨٦٢ تـا ١٩١٢، سـاڵنامەکانی ویلایەتیـی موصـڵ لە مـاوەی ١٨٩٠-١٩١٢، سـاڵنامەکانی وەزارەتـی پەروەردە (معـارف)ی عوسـمانی لە سـاڵانی ١٨٩٩ و ١٩٠٠، لەگەڵ سـیاحەتنامەی خورشـید باشـا (٢٠٠٩)، (رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران) و د.فاضل بيات (٢٠٠٧)، الدولة العثمانية فى المجال العربي، وەک دوو سەرچاوەی پاڵپشت بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسـەنی عوسـمانی، گەشـتنامەکەی خورشـید پاشـا (سـیاحتنامە حـدود) بـایەخێکی ئێجگـار گەورەی بـۆ مێـژووی کـارگێڕی و بەڕێـوەبردن و کـۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەم هەیە.

**دەروازە:**

سـاڵنامە؛ وەک چـاپکراوێکی فەرمـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـۆ یەکەمجـار لە سـاڵی ١٨٤٧ دەرچـووە، بەهانـدانی سـەرۆک وەزیـران (سـەدری ئـەعزەم)ی ئەوکـات مصـطفى ڕشـيد پاشـا (١٨٠٠-١٨٥٨)، کە لە ماوەی ١٨٤١-١٨٤٦ سەرۆک وەزیران بووە، ژمارەی سـاڵنامەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی لەمـاوەی ١٨٤٧-١٩١٨ گەیشـتە شەسـت و هەشـت ژمـارە، هەروەهـا وەزارەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی خاوەنی ساڵنامەی تـایبەت بە خۆیـان بـوون، وەک: وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە (سـالنامەء نظـارات أمـور خارجيـة) چـوار ژمـارەی دەرچـووە، سـاڵنامەی سـەربازی (سالنامەء عسكري) چوارده ژمارەی لێی دەرچووە، ساڵنامەی وەزارەتی خوێندنی گشتی (سالنامەء نظارت معارف عموميە) شەش ژمارەی دەرچووە، ساڵنامەی زانستی (علمیە سالنامەسی) یەک ژمارەی دەرچووە، لە ماوەی ١٨٧٥-١٩١١ بیسـت و دوو ژمـارە لـە سـاڵنامەی ویلایەتی بەغداد دەرچووە، کە لەماوەی ١٨٥١-١٨٧٩ ڕوانـدز وەک سـەنجەقێک، دواتـر وەک قەزایەک لە چوارچێـوەی پەیـکەری کـارگێڕی ویلایەتـی بەغـداد دابـووە، لەمـاوەی ١٨٩٠-١٩١٢ پێـنج ژمـارە لە ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ دەرچووە [١].

وشـەی سـاڵنامە لە زمـانی عوسـمانی دا بە مانـای کتێب یان کتێبی سـاڵ هـاتووە، لـە زمـانی ئینگلیـزی گوزارشتە لە (YearBook)، لە زمانی عەرەبی (كتاب السـنة) [٢]، لە نێو ئەم سـاڵنامانەدا باسـی بـارودۆخی گشتی ناوچە دیاریکراوەکانی ناو پەیکەری کارگێڕی عوسمانی کراوە، بەڵام پێویستە بە کورتەیەک ئاوڕێک لە مێـژووی ڕوانـدز بـەپێی سـەرچاوە عوسـمانییەکان بـدەینەوە، شـوێنی ڕوانـدز وەکـو شـوێنگەیەکی جیۆگرافی سیاسی و ئابووری، گرنگیەکی تایبەتی لە مێـژووی دەوڵەتـی عوسـمانی هەبـووە، بەتـایبەتی لە ناوەڕاسـتی نیـوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەهەم" تـا سـییەکانی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەهەم، لەهەمانکاتدا شوێنگەیەکی بەهێزی لە ڕووی سەربازی هەبـووە، لەپاڵیـدا لەسـەر ڕێگـای بازرگـانی بـووە، سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئـابووری و داهـاتبووە [٣]، لە کتێبی (سیاحتنامە حدود) لە نووسینی (خورشید پاشا) دا، ئەنـدامی دیـاریکردنەوەی سـنووری عوسـمانی و دەوڵەتـی ئێران بووە، لـە سـاڵی ١٨٤٣ لەسـەرووبەندی کارەکـانی لـە کۆمیتـەی دارشـتنەوەی سـنوور و

نووسینی ڕاپۆرت بۆ سوڵتان (عەبدولمەجیدی یەکەم ١٨٣٩-١٨٦١) و دەوڵەتی عوسمانی بووە، زانیارییەکی زۆری لەسەر شەش ئیالەتی عوسمانی نووسیووە، کە چواریان لە سنووری کوردستانی عوسمانی دابوونە، وەک: ئیالەتی شارەزور، کە ئاماژە بە سەنجەقی ڕواندز و ناوی ناحیە و ژمارەی گوندەکانی دەکات،بەم شێوەیە دەنووسێت: قەزای ڕواندز و دشتەبان (دەشتە دیانا)، لەگەڵ ناحییەکانی بالکان (باڵەکان)، ڕوسیت (ڕۆست)، سیبکان (سیدەکان)، بالبان، ڕوندروک (ڕەوەندۆک)، شکیو، درکلە (دەرگەڵە)، دول محل (دۆڵە منجل)، دولکە میر و مفدیان، هروتیان (هەروتیان)، دولە کرش، دولە و ئەو هۆزانەی کە خاوەنی مەڕ و ماڵاتن و لەهاوین بۆ چیای کلە (کێلەشین) دەڕۆن، بیاو، سرجیان (سوورچیان)، دولە کوران، دولە هرونیان (دۆڵە هەرونیان)، حریر (هەریر)، دولە برکە، کورە (کۆڕێ)، دیرە (دێرێ هەریر)، ڕزاریان (زراریان)، کۆی گشتی ناحیە و ناوچەکانی دەوروبەری قەزای ڕواندز (٢٢) ناحیە و ناوچە بوونە، لەگەڵ (٣٢٥) گوند، لەوکاتدا دانیشتووانی سەنجەقی ڕواندز بە نزیکەی (٤٠،٠٠٠) چل هەزار کەس خەملێنراوە [٤]، شایانی بیرهێنانەوەیە، محەممەد خورشید پاشا، لە دوای ناوهێنانی سەنجەقی ڕواندز ناوی قەزای ڕواندز و دەشتەبان (دەشتە دیانا)، لەگەڵ ناحیەکانی وەک باڵەک (نواحی بالکان) و ناحیەی سیدەکان (نواحی سیبکان) ناوی هێناون، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لە ساڵنامەکان، ئاماژە بەناحیەکانی باڵەک و سیدەکان دەکرێت، ئەگەر هەیە هەموویان لە ڕووی کارگێڕییەوە لە بازنەی ناحیەدا نەبووبن، بەڵام بە ناوچە ناوی هێنابن، وەک ناحیەی دەرگەڵە (نواحی درکلە)، کە ئێستا گوندێکە لە سنووری ناحیەی وەرتێ لە قەزای ڕواندز لە پارێزگای هەولێر دا، خورشید پاشا لە سیاحتنامە سنووربرەکەییدا باس لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی سەنجەقی ڕواندز دەکات، کە چەند هۆزێکی سەرەکی لە سنووری ڕواندز دا هەبوونە، وەک: شیوەزوری و پیرەسنی و ڕوندول (ڕەوندۆک)، ئاماژە بە جیاکردنەوەی سەنجەقی حەریر لە ڕواندز دەکات، کە هۆزەکانی ناوچەی حەریر بە هەشت هۆز هەژماریان دەکات وەک: سوورچی، هەرکی، کورە، بەرەکە و ئەسیدان، خەیلانی و باڵەکی و برازان و زراری و هەروتی و فیروزە و باویان [٥]، لەوانەیە خورشید پاشا کەوتبێتە ئەو هەڵەیەی کە ناوی هەندێک گوند و هۆز و خێڵی لە سنووری حەریر تێکەڵ کردبێت، بۆ نموونە: باویان، گوندێکە لە نزیک حەریر، بەهۆزێکی ناوچەکەی هەژمارکردووە، لە وەسفی سروشتی جیۆگۆافی ناوچەی ڕواندز، زۆر بە سەختر لە ناوچە چیاییەکانی ناوچەی کۆیە دادەنێت، چونکە شاخەکانی ڕواندز سەخت و بەرز و تیژن، بەڵام شاخەکانی کۆیە زیاتر لە تەپۆلکەی گرد و نیمچە بەردی سەخت دەچن، لە بابەتی جیۆگرافیای مرۆیی، ئاماژە بە سروشتی دانیشتوان دەکات، کە بەردەوام لە کۆچکردنن بۆ هەوارەکانی هاوینە و گەڕانەوە بۆ هەواری زستانەیان، کە بەشێکی زۆری کۆچەرانی ڕواندز بەرەو ناوچەکانی شنۆ و ورمێ لە ژێر دەسەڵاتی قاجاری بۆ دەستکەوتنی لە وەرگا بۆ مەڕوماڵاتیان دەڕۆن و خەریکی کڕینی لەوەرگان، لەهەمانکاتدا باج بە دەوڵەتی ئێران دەدەن نەک عوسمانی [٦]، لە ڕووی هەڵکەوتەی جیۆگرافیەوە ڕواندز و حەریر لایەکی کوێسنجەقە، لایەکی موصڵە، لایەکی تری ئاکرێ و ئامێدیە، لای چوارەمی بەشێک لە لاهیجان و بەشێک لە خاکی شنۆ کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئێران، چیای کێلە شین و لقەکانی خاڵی یەکلاکەرەوەن لە نێوان سەنجەقی ڕواندز و حەریر لەگەڵ شنۆ دا [٧]، ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی (سالنامەء دولت عثمانیة) کە لە ساڵی ١٨٤٩ چاپکراوە، ئەوکات ئیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور (إيالة بغداد مع شهرزول) کە بەشی زۆری ناوچەکانی بەغداد و بەصرا و باشووری کوردستان لە نێو پێنج لیواکەی ئیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور دابوون، سێ لیوای لە سەر خاکی باشووری کوردستان ئامادەییان هەبووە، بریتی بوون، لە کەرکوک و کوێسەنجاق و سلێمانی، قەزای ڕواندز لەگەڵ حەریر، لەچوارچێوەی

یەک قەزا دا ناویان هاتووە لە لیوای کۆیە (لواء کوی سنجق)دا [٨]، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لە قاموسئەعلامی (شەمسەدین سامی ١٨٥٠-١٩٠٤)، وەک گەورەترین ئینسایکلۆپیدیای عوسمانی، شارۆچکەی ڕواندز بە دوورایی ١٣٥ کیلۆمەتر لە باکووری خۆرهەلاتی موصل هەڵکەوتووە، بە قەزایەک لە چوارچێوەی لیوای شارەزور کە ناوەندەکەی شاری (کەرکوک) بووە دادەنێت، ژمارەی دانیشتوانی لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە دە هەزار کەس دەخەملێنێت، ناوەندێکی گرنگی چالاکی بازرگانی و بەناوبانگی بەرهەمی توتن بووە، کە نێردراوە بۆ ئێران [٩]. سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بەرهەمێکی تری وەک عەنفییە بووە، کە وردکراوەیەکی تووتنە و دەخرێتە لووتی مرۆڤ و یارمەتی پەژمین دەدات، ئەم بەرهەمە لەگەڵ تووتن بۆ ئێران هەناردەکراوە [١٠].

**تەوەرەی یەکەم: پەیکەری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی قەزای ڕواندز:**

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیالەتی شارەزور لە ساڵی ١٨٥٢ دا، کە لە ماوەی نێوان (٢١ی تەشرینی یەکەمی ١٥٦٨-٥ی ئەیلولی ١٨٥٢) بەردەوامی هەبووە [١١]، لەگەڵ ئیالەتی بەغداد کراون بەیەک ئیالەت بەناوێکی نوێ، کە ئیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور بوو (إیاله بغداد مع شهرزول)، بەپێی ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەوانە (سالنامەء دولت عثمانیة ١٢٧٩ک-١٨٦٢ز) ڕواندز وەک لیوایەکی (پارێزگای ئێستا)ی سەر بە ئیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور بووە، ئەو ناوچانەی وەک ناحیە نووسراون و بەشێک بوونە لە چوارچێوەی لیوای ڕواندز دا، بۆ نموونە: (ڕواندز لەگەڵ ناوچەکانی ڕوست (ڕۆست)، ڕوندوک (ڕەوندۆک)، شکیو (شەکێو)، درکلە (دەرگەڵە)، دولە (دۆڵە منجل)، دولکە (دۆڵە کۆک)، هروتیان (هەروتیان)، بیاو، سرچیان (سوورچیان)، کورە (کۆڕێ) و دیرە (دێرێ هەریر)، دراریان (زرارییان)، حریر (هەریر)، ناحیە سیدەکان (ناحیەی سیدەکان)، ناحیە بالک (ناحیەی باڵەک) و عشیرت سرچە (عەشیرەتی سوورچی) [١٢]، ئەوەی جێگەی تێبینیە لە ساڵنامەی ١٢٧٩ک-١٨٦٢ز، باس لە قەزاکانی سەر بەڕواندز ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ ناوی ناحیەکانی دەنووسێت، ئەمە جێگای پرسیارە، بەلام دوای دووبارە دامەزراندنەوەی ویلایەتی موصل لە ١٨٧٩، ڕواندز وەک قەزایەک لە چوارچێوەی لیوای هەولێر (ئەربیل) لە سەنجەقی کەرکوک دامەزرێندرایەوە، لەو کاتدا ڕواندز لە پێگەی کارگێڕی لیوا بۆ قەزا دابەزێنرا [١٣]، لە یەکەمین ساڵنامەی ویلایەتی موصل دا لە ١٣٠٨ک-١٨٩٠ز، گۆڕانکاری بەرچاو دەخرێتە ڕوو لەوانە دامەزراندنی ئەنجوومەنی کارگێڕی و دەستەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی قەزای ڕواندز وەک: قائیمقام ئیبراهیم ئەفەندی بە پلە سێ، جێگرەکەی صبغة الله ئەفەندی، بەڕێوەبەری دارایی (مال مدیری) عەلی عارف ئەفەندی، نووسەری تۆمارکردن (تحریرات کاتبی) عەلی ئەفەندی، ئاماژە بە چۆڵبوونی شوێنی موفتی لە پەیکەری بەڕێوەبردنی قەزای ڕواندز دەکات [١٤]، سەرەڕای ئامادەیی ئەنجوومەنی کارگێڕی یان ئەنجوومەنی قەزا، هەریەک لە قائیمقام بە سەرۆک و ئەندامە هەمیشەییەکانی وەک: جێگری قائمقام صبغة الله و بەڕێوەبەری دارایی عەلی عارف ئەفەندی، لەهەمانکاتیشدا موفتی وەک ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەن شوێنی هەبووە، بەلام جێگرەوەی نەبووە، هەروەها هەر یەک لە (ئەحمەد ئەفەندی، مستەفا ئەفەندی، فتاح ئەفەندی و مامۆستا موشێ)، ئەندامی هەڵبژێردرا و ناهەمیشەیی ئەنجوومەنی قەزای ڕواندز بوونە، لەوانەیە مامۆستا موشێ، موسا بێت لە ڕەگەزی جولەکە، چونکە جولەکەکان بە چەند جۆرێک ناوی موسا دەهێنن، وەک: موسێ، موشێ و موشی، ئاماژە دەکرێت کە مامۆستا موشێ وەک نوێنەری خوێندن و پەروەردەی عوسمانی (معارف) ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی قەزا بووە [١٥].

لەهەمانکاتدا قەزای ڕواندز سێ ناحیە لە پەیکەری کارگێڕی هەبووە، یەکەم: ناحیەی دێرە، مەحمود نەدیم ئەفەندی بەڕێوەبەری بووە، محەممەد ئەفەندی

نووســـــەری نــــاحیە، دووەم: نــــاحیەی بــــاڵەک، عەبدولرەحمان ئەفەندی بەڕێوەبەر و صدیق ئەفەندی نووســـەری نــاحیە، ســێیەم: نــاحیەی برادۆســت، بەڕێوەبەرەکەی ئیبراهیم ئەفەندی و نووسـەری ناحیە رەســـول ئەفەنـــدی بـــووە [١٦]. بەڵام لە ســـاڵنامەی ویلایەتـی موصـڵ دا ١٣١٠ک-١٨٩٢ز، پێکهـاتەی نێـو پەیـکەری کـارگێڕی و بەڕێـوەبردنی قەزای ڕوانـدز گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کە لە گۆڕینی قائیمقام لە هەرەمـی دەسـەڵات و سـەرۆکی ئەنجوومەنی قەزا بە عـارف ئەفەنـدی، کە نیشـانە و پـلەی سـێی هەبـووە، هەروەهـا جێگرەکەی بە فەتـاح ئەفەندی، بەڕێوەبەری دارایـــی وەک خـــۆی مـــاوەتەوە (عەلـــی ئەفەنـــدی)، نووسـەری تۆمـارکردن (کـاتبی تحریـرات) هەر عەلـی ئەفەندی بووە، بەهەمان شێوەی ساڵانی ١٨٩٠ و١٨٩١ پۆستی موفتی پڕ نەکراوەتەوە، ئەمە دەریدەخات" کە پۆستی موفتی لە ماوەی ١٨٩٠-١٨٩٣ لە ئەنجوومەنی قەزای ڕواندز بە بەتاڵی ماوەتەوە، هەروەها ئاماژە بە نووسەری فارسی زان عەبدوڵڵای ئەفەندی و ڕازگری سـندوق (صـندوق امینـی) عەبـدولرەحمان ئەفەنـدی دەکات [١٧]. لەم پێکهاتە کارگێڕییە دوو پۆست و دوو بەرپرس زیادکراون بە جیاواز لەگەڵ ساڵانی ١٨٩٠-١٨٩١، هەروەهـا گۆڕانکـاری لەنـاو سـێ پێکهـاتەی کارگێڕی وەک: ناحییەکانی دێرە و برادۆست و باڵەک ئەنجامـــدراوە، کەســـایەتی و پیـــاوە دیارەکـــانی نـــاوچەیەکی وەک باڵەکـــایەتی ڕاســـپێردراون بـــۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک، وەک: مەعروف ئاغا، پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک بە وەکالەت وەرگرتووە [١٨]، هەروەها لە ناحیەکانی سـەر بە ڕوانـدز دا (کـاتبی نـاحیە) گـۆڕدراوە بە (رسـومات کـاتبی) واتە نووسـەری بـاج و دەرامەت، کە صـەدیق ئەفەندی بۆ ناحیەی دێرێ، ئەمین ئەفەندی بۆ ناحیەی بـاڵەک، ڕســول ئەفەنـدی بـۆ نـاحیەی برادۆسـت، بەڕێـوەبەری نـاحیەی دێـرێ (صـادق ئەفەنـدی) و ناحیـەی برادۆست (حـاجی مەحمـود ئەفەندی) بوونـە [١٩]. ســەبارەت بە ئەنجـــوومەنی قەزا لە ئەنـــدامانی هەڵبژێردراو پێکهاتبوون لە (مستەفا ئەفەندی، جەمیل ئەفەنـدی، فەتـاح ئەفەنـدی و موشـی ئاغـا)، ئەنـدامانی هەمیشـەیی (أعضـای طبیعیە) لە جێگری قائیمقام فەتـاح ئەفەنـــدی، بەڕێـــوەبەری دارایـــی و تۆمـــارکردن پێکهاتبوون [٢٠]، بەڵام لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٣١١ک-١٨٩٣ز، لـــە پێکهـــاتەی کـــارگێڕی قەزای ڕوانـدز، نـاوی قائیمقـام (عـارف حکمـت ئەفەنـدی) و جێگـرەکەی عەبـدولفەتاح ئەفەنـدی، بەڕێـوەبەری بـاج وەرگرتن حوسێن شاکر ئەفەندی نووسراون [٢١].

لە ناوەڕاستی دەیەی کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم، گۆڕانکـاری لە پەیـکەری کـارگێڕی و بەڕێـوەبردنی قەزای ڕوانـــدز بەردەوامـــی هەبـــووە، بەتـــایبەتی لە گۆڕینی قائیمقام بە کەسێکی نوێ، بەناوی (عەبدوڵڵا بەگ)، جێگرەکەی بە (مستەفا ئەفەندی)، بەڕێوەبەری بـاج (حوسـێن شـاکر ئەفەنـدی)، هەر سـێکییان پلـەی (نیشانە سێ) یـان هەبووە [٢٢]، بەڵام بەپێی ساڵنامەی ویلایەتـی موصـڵ کە لە ١٣١٢ک-١٨٩٤ز، چـاپکراوە. جـارێکیتر گۆڕانکـاری لە پەیـکەری کـارگێڕی قەزای ڕوانـدز هـاتۆتە کـایەوە، بەتایبـەتی لـە پۆسـتی مـوفتی لەلایەن (مـوفتی ئەسـعەد ئەفەنـدی) بـەڕێوەبردراوە، هەروەها پۆستی بەڕێوەبەری دارایی بە (عەلی عـارف ئەفەندی) گۆڕاوە، هەروەها (عەلی ئەفەندی) لە پۆستی نووسـەری تۆمـارکردن مـاوەتەوە، بـەڵام لە سـاڵنامەی ویلایەتی موصڵ لە ١٨٩٢، بەڕێوەبەری دارایـی بووە، لە سـاڵنامەی دەوڵەتـی عوسـمانی لە ١٣١٢ک-١٨٩٤ز، ئامـاژە بـە قائیمقـام و جیگـرەکەی (عەبـدوڵڵا بەگ و مســـتەفا ئەفەنـــدی) وەک ســـەرۆکی ئەنجـــوومەن و ئەندامی هەمیشـەیی کارگێڕی قەزای ڕواندز دەکات [٢٣] و ئەندامانی هەڵبژێردراو ئەمانە بوون: (حاجی جەمیل ئەفەنـدی، محەمـمەد صـاڵح بەگ، توفیـق ئەفەنـدی و موشی ئاغا) [٢٤].

ســەبارەت بـە ناحیەکـانی قەزای ڕوانـدز، لە ڕووی پەیکەری کارگێڕی و گۆڕینی بەڕێوەبەر و ناونیشـانی پۆستەکانیان کارێکی بەردەوامبووە، وەک هاتنەکایەی پۆسـتی نووسـەری بـاجە هەمەچەشـنەکان (ویرکـو کاتبی)، کە بەکر صدقی ئەفەندی لە ناحیەی برادۆست بەڕێوەبـەری بـووە، هەروەهـا گـۆڕانی نـاوی نـاحیەی

(دێره) بۆ ناحیەی (ناحیەی دێره حەریر)، ، لە ناحیەی دێرێ حەریر دوو فەرمانبەری دەوڵەت ڕاسپێردراون بەناوەکانی (یونس ئاغا) نووسەری باجی هەمەچەشنەکان، و (عەبدولقادر ئەفەندی) مەئموری کۆکاکردن، لەناحیەی باڵەک (مەعروف ئاغا) لە پۆستی بە وەکالەت بەڕێوەبردنی ناحیەکە گۆڕدراوە بە بەڕێوەبەری ناحیە، بەبێ ئەوەی بە وەکالەت بەڕێوەی ببات، لە ناحیەی باڵەک نووسەری باجەکان (عەبدولغەنی بەگ) بووە [٢٥].

بەڵام بەپێی ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ماوەی ١٣١٣ک-١٨٩٥ز، هیچ گۆڕانکارییەک لە پەیکەری بەڕێوەبردنی قەزای ڕواندز ڕووینەداوە [٢٦]، بەڵام لە ساڵنامەی ١٣١٧ک-١٨٩٩ز، قائمقامێکی نوێ بەناوی (مەجید بەگ) لە قەزای ڕواندز و جێگرەکەی (مستەفا شەفیق ئەفەندی) دەستبەکاربوونە، هەروەها بەڕێوەبەری باجەکان (حوسێن شاکر ئەفەندی) بووە، شایانی ئاماژەکردنە لە قەزاکانی سەر بە سەنجەقی شارەزوور (کەرکوک) لە ویلایەتی موصڵ دا، تەنها ڕواندز وەک قەزایەک لە پلەی یەک (صنف ١) تۆمارکراوە [٢٧]، لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی ئاماژە بە گۆڕینی قائیمقامی ڕواندز بۆ (عەزیز صەیدی ئەفەندی) بە پلە و ناونیشانی ڕوتبەی دووەم دەکات، بەڵام بەبێ ئاماژەکردن بۆ مێژووی بەدەستهێنانی پلەی ناوبراو، جێگرەکەی گۆڕدراوە بە (ئەحمەد ئەفەندی) و بەڕێوەبەری باجەکان هەر لە پۆستەکەی خۆی ماوەتەوە [٢٨].

ئەم گۆڕانکارییانە بەردەوامی هەبووە، بەتایبەتی لە گۆڕینی قائیمقام وەک لە ساڵی ١٩٠٢ دا، شەریف بەگ بە پلەی نایاب (متمایز)، بەڵام مێژووی بەدەستهێنانی پلەکەی دیار نییە، بەڵام جێگری قائیمقام و بەڕێوەبەری دارایی و باجەکان هەر لەسەر کاری خۆیان بەردەوامی بوونە [٢٩]، هەروەها لە ساڵی ١٣٢١ک-١٩٠٣ز، ڕواندز قائیمقامی نەبووە، هیچ ئاماژەیەک نییە کە جێگری قائیمقام (محەممەد خلوصی ئەفەندی) کارەکانی قائیمقام ڕاییبکات یان بەوەکالەت بەڕێوەی ببات، تەنها ئاماژە بە جێگری قائیمقام و بەڕێوەبەری باج و دەرامەتەکان کراوە، لەهەمانکاتدا ناحیەی (شێروان) وەک ناحیەیێکی نوێ خراوەتە سەر پەیکەری کارگێری قەزای ڕواندز [٣٠]، لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی ١٣٢٤ک-١٩٠٦ز، پۆستی قائیمقام لە لایەن (عومەر ئاصف ئەفەندی) بە پلەی دووەم پڕکراوەتەوە، هەروەها جێگرێکی نوێی بۆ دانراوە بەناوی (مەعروف ئەفەندی) [٣١]، دوای دوو ساڵ لە ١٣٢٦ک-١٩٠٨ز، قائیمقامی قەزای ڕواندز دەگۆڕدرێت بە (مستەفا نەجاتی ئەفەندی) بە پلەی نایاب (متمایز) و جێگرەکەی بە (صالح ئەفەندی)، بەڵام ئەوەی شایانی تێڕامانە لەم ساڵنامەیەی دەوڵەتی عوسمانی پۆستی بەڕێوەبەری دارایی یان باجەکان بەگشتی (مال مدیری یان ڕسومات مدیری) ئاماژەیان پێنەکراوە [٣٢]، هەروەها لە ساڵانی ١٣٢٨ک-١٩١٠ز، گۆڕانکاری لە ژمارەی ناحیەکانی ڕواندز دا کراوە و لە چوارەوە بۆ پێنج ناحیە بەرزبۆتەوە، ناحیەی ژمارە پێنج (مزوری باڵا) بووە، لەهەمانکاتدا ناحیەکان پلەبەندکراون وەک: ناحیەی دێره حەریر لە پلە یەک، ناحیەی باڵەک لە پلە دوو، ناحیەی برادۆست لە پلە دوو، ناحیەی شێروان لە پلە سێ، ناحیەی مزوری باڵا هیچ پلەیەکی کارگێری بۆ دیارینەکراوە، سەرەڕای گۆڕینی قائیمقام بۆ (نیهاد ئەفەندی) و جێگرەکەی (عەبدولرەزاق ئەفەندی) [٣٣].

ئەم گۆڕانکارییەی پلەبەندکردنی ناحییەکان دوای پلەبەندکردنی قەزاکان هاتەکایەوە، لە ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ لە ١٣٣٠ک-١٩١٢ز، ئاماژە بە گۆڕینی قائیمقام (نیهاد بەگ) و جێگرەکەی (عەبدولرەزاق ئەفەندی) دەکات، بەڕێوەبەری دارایی (موسی کازم ئەفەندی) و نووسەری تۆمارکردن (عومەر ئەفەندی) و موفتی ڕواندز (ئەسعەد ئەفەندی) بوونە، ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێری قەزای ڕواندز بەسەرۆکایەتی قائیمقام لە نۆ ئەندام پێکهاتبوون، چواریان هەمیشەیی و چوار ئەندامی تر لە هەڵبژێردراوەکانی ناو خەڵکی ڕواندز بوونە، بەناوەکانی (سەعید بەگ، حاجی نەورس ئەفەندی، ڕسول ئاغا و موسی ئاغا) [٣٤]، سەبارەت بە پێکهاتەی

کـارگێڕی و بەڕێـوەبردنی پێـنج نـاحیەکەی سـەر بە قەزای ڕوانـدز، گۆڕانکـاری بەرچـاو بە بەراورد بە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ڕوویداوە، وەک لە نـاحیەی دێـرە حەریـر، بێجگە لە پۆسـتی نووسـەری ناحیە، ئەوا دوو پۆستی تر زیادکراون وەک: کۆکاری باجەکان (تحصیلداری) کە (خەلیل ئەفەندی) بەڕێوەی بردووە، هەروەها (بەکر ئەفەندی) کۆکاری باجەکانی حەریر بـووە، کە پێشتر هەر یەک کەس ئەم پۆستەی بەڕێوەبردووە [٣٥]، ئەمەش ئاماژەیە لەسەر زیادبوونی داهـات و گەشەسـەندنی ئـابووری کشـتوکاڵی و بازرگانی لە ناحیەکانی قەزای ڕواندز دا. هەروەهـا بۆ نـاحیەی شـێروان، تەنهـا بـۆ یەکجـار لە سـاڵنامەکانی عوسـمانی و ویلایەتـی موصـڵ دا ئامـاژە بەنـاوی بەڕێـوەبەری نـاحیەی نـاوبراو دەکـات، کە (سـەعید ئەفەنـدی) بـووە، لەگـەڵ نووسـەری نـاحیە (عبـداه ئەفەندی)، هەر چەندە ناحیەی مزوری باڵا لە یەکێک لە پێنج ناحیەکانی ڕواندز بووە، بەڵام هیچ ئاماژە و نووسینێک لەسەر پەیکەری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ناحیەکە تۆمارنەکراوە [٣٦]، هەروەها لە ناحیەی باڵەک کۆکـاری بـاج وەرگـرتن لە شـوێنی نووسـەری بـاجە هەمەچەشنەکان (ویرکو کاتبی) بەناوی (حیسامەددین ئەفەندی) دەستبەکاربووە، لەوکاتدا بەڕێوەبەری ناحیە (عەبدی ئەفەندی) و نووسەری ناحیە (حاجی وەیسی ئەفەندی) بووە [٣٧]، بەهەمانشێوە لە ناحیەی برادۆست گۆڕانکاری لە پەیکەری کارگێڕی ئەنجامدراوە، وەک دەسـتبەکاربوونی (حەسـەن ئەفەنـدی) لە پۆسـتی کۆکـاری باجەکـان (تحصـیلدار) و (حسـن رضـا) بە بەڕێـوەبەر و (محەمـمەد ئەفەنـدی) بـە نووسـەری ناحیەی برادۆست [٣٨].

**تەوەرەی دووەم: بارودۆخی ئاوەدانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی:**

بـارودۆخی ئـاوەدانی لە قەزای ڕوانـدز بەپێـی سـاڵنامەکانی عوسـمانی لە مـاوەی ١٨٩٢-١٩١٢ گۆڕانکاری ڕێژەیی سنووردار لە ماوەی نۆوەدەکانی سـەدەی نـۆزدەهەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم دا ڕوویداوە، بەپێی نووسینی نـاو سـاڵنامەی ویلایەتـی موصڵ لە ساڵی ١٣١٠ک-١٨٩٢ز، لە ناوەندی قەزای ڕوانـدز ژمـارەی خانووەکـان (٨٠٠) بـووە، چـوار مزگەوت کە دوویان (جامع) واتە بۆ وتاردان و نوێژی هـەینی، دوو (مسجد) واتـە بۆ نـوێژکردنی بـە کۆمـەڵ (مصلی الجماعة)، یەک قوتابخانەی ناوەندی (رشدیە)، دوو قوتابخـانەی سـەرەتایی، دوو قاوەخـانە، سـەدو حەفتـا دوکـان، چـوار نـانەوا خـانە، یەک گەرمـاوی گشـتی، دوو کاروانسـەرا یـان خـان واتـە (ئوتێل) [٣٩]، بەڵام بە گـــوێرەی ســـاڵنامەی ١٣٣٠ک-١٩١٢، بـارودۆخی ئـاوەدانی ڕوانـدز ڕووی لە گەشـەی تەواوکــردووە، بەتــایبەتی لە زیــادبوونی ژمــارەی خانووی نیشتەجێ بوون و قوتابخانە و تەلەگرافخانە کە بەمشێوەیە بووە:

**باڵەخانە گشتییەکان:** ٥ مزگەوت، سێ تەکیە، یەک قوتابخانەی ئاینی، یەک قوتابخانەی ناوەندی (رشدیە)، دوو قوتابخـــانەی ســـەرەتایی، یەک کەنیشـــتەی جولەکەکـان، یەک بینـایەی حکومەت، یەک قشـڵە، یەک تەلەگرافخـانە، سـەرجەمیان شـانزە باڵەخـانەی گشـتی لەناوەندی قەزای ڕواندز بوونە [٤٠].

سەبارەت بە بارودۆخی ئاوەدانی تایبەت بە موڵک و خـانووی خەڵـک و زەویـیە تایبەتەکـان بەمشـێوەیە بـووە: (٨٣١) خـانووی نیشـتەجێ بـوون، سـەدو حەفتا دوکـان، سـێ خـان یـان کاروانسـەرا (ئوتێـل)، یەک گەرماو، دوو قاوەخانە، چوار نانەواخانە، هەشت ئاش، سێ سـەد و نۆودو دوو ڕەز و بـاخچە، چـوار سـەد و بیسـت کـێڵگە، سـەرجەمیان هەزار و هەشـت سـەد و سی و دوو شوێنی تایبەتی خەڵکی ڕواندز بووە [٤١].

بەپێـــی ســـاڵنامەکانی عوســـمانی لەمـــاوەی تـــوێژینەوەدا، زانیـــاری ورد و گشـــتی تۆمـــارکراوە لەسـەر قـەزاکانی سـەنجەقی شـارەزوور (کەرکوک) و ناوەندی موصڵ، بۆ نموونـە قەزاکانی وەک: (ئامێدی، ئـاکرێ، دهـۆک، زێبـار، زاخـۆ و شـنگال) سـەر بە سەنجەقی ناوەندی موصڵ بوونە، لەناوەندی ویلایەت نزیکتربوونـــە و زۆرتـــرین زانیارییـــان لەســـەر تۆمارکراوە، بەهەمانشێوە قەزاکانی هەولێر (ئەربیل) و کفری (صلاحیە) و ناحیەی ئاڵتون کۆپری، لە ناوەندی

سەنجەقی شارەزوور (کەرکوک) نزیکتربوونە و زۆرترین زانیاری دەربارەیان نووسراوە، بەتایبەتی لەڕووی سامانی سروشتی، ئاژەڵ، ئابووری و بازرگانی، سەبارەت بە ژیانی خەڵک و بارودۆخی ئابووری ڕواندز، بەهۆی دووری قەزای ناوبراو لە ناوەندی سەنجەقی شارەزوور (کەرکوک)، هەر چەندە لە پلەبەندی یەکەم لەسەر ئاستی هەموو قەزاکانی سەنجەقی شارەزوور دابووە، بەڵام زانیاری زۆر کەم دەربارەی تۆمارکراوە [٤٢]. بەڵام لە ساڵنامەی موصڵ دا ١٣٣٠ک-١٩١٢ز، زۆرترین زانیاری لە بارەی ڕواندز دا نووسراوە.

بەپێی ساڵنامەی ١٣٠٨ک-١٨٩٠ز، شاری ڕواندز دوای هەریەک لە شارەکانی موصڵ و بەغداد و بەصرا دێت، کە ڕێگایەکی گرینگی بازرگانی هەبووە، هاوشان لەگەڵ شاری سلێمانی لە سەر ڕێگای بازرگانی ئێران بەرەو (هەمەدان و کرمانشان) بووە [٤٣]، ئەم ناوەندی بازرگانییە بەهۆی بوونی شوێنی ڕواندز لەسەر ڕێگای بازرگانی، هەروەها زۆری ژمارەی دوکانەکانی کە (١٧٠) دوکان بووە، قەزای ڕواندز وەک ناوەندێکی بازرگانی لە ئاستێکی مامناوەندی دابووە [٤٤]، ئەگەر لە پێوەری دابەشکردنەوەی دوکانەکان لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی هەڵبسەنگێنین، ئەوا بۆ هەر (٨٨) کەسێک دوکانێک هەبووە، کە ژمارەی دانیشتوانی ڕواندز نزیکەی (١٥٣١٧) هەزار کەس بووە [٤٥]. ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ ١٣٣٠ک-١٩١٢ز، ئاماژە بە پەیوەندی بازرگانی نێوان دەوڵەتی ئێران و ویلایەتی موصڵ وەک ویلایەتێکی عوسمانی دەکات کە ڕواندز وەک پردی پەیوەندی ئەم بازرگانییە بووە، بەتایبەتی لە بازرگانی تووتن، هەروەها ئاماژە بە بوونی پیشەمەندی و شارەزایی و دەسترەنگی و کارگەی بچووکی پیشەسازیی ناوچەیی دەکات، کە پێداویستییەکانی ڕواندز و دەوروبەرییان دابینکردووە [٤٦].

دەربارەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی لە ڕواندز کە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موصڵ تۆمارکراون، وەک: گەنم و دانەوێڵە، جۆ، برنج، سمسم، نۆک، نیسک، ماش، تووتن، کەتان (پەمۆ)، مازی، کەتیرە، بەڕوو، هەروەها بەرهەمی هەمەچەشن لەبەربوومی باخچە و ڕەز و دانەوێڵەکان، لەگەڵ ئەو بەربوومە بایەخدارانەی کە هەناردەی شارەکانی تر دەکرا، زۆربەی کات تووتن بووە، لەگەڵ ئەوەی لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەدا ویستی کڕینی زۆر لەسەر توتنی ناوچەی شێتنە و زراری هەبووە [٤٧]، هەروەها ڕواندز یەکێک بووە لەسەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی کە بەرێژەییەکی زۆر و بەلقە ڕووبارەکانی بۆ نێو ڕووباری زێی گەورە بەشداری کردووە، لەهەمانکاتدا دارکاژ-سنۆبەر، هەموو ناوچەکەی بە چڕی داپۆشیبوو، چیاکانی بەداری جیاجیا داپۆشرابوون، گرد و دۆڵ و دەشتە بچووکەکانی بە کشتوکاڵ دادەچێنران، خەڵکەکەی سوودمەندبوون لە قازانجەکانی کشتوکاڵی خۆماڵی ناوچەی ڕواندز [٤٨].

بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕواندز لەو کاتدا شێوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازی لەگەڵ قەزا هاوشێوەکانی تر هەبووە، بەتایبەتی زۆربەی دانیشتووانەکەی کۆچەری و نیشتەجێی ئەو گوندانەی لە سنووری ناوەندی قەزا و ناحیەکانی بوون، لەناوەندی قەزاکەدا چڕی دانیشتوان کەمتر بووە، بەڵکو چڕی دانیشتوان زیاتر لە گوندەکان کۆبۆتەوە، چونکە بۆ زۆربەی کات لە دەوڵەتی عوسمانی دابەشبوونی دانیشتوان لە ٨٥% لە گوندەکاندا بوو، بەڵام لە ١٥% لە شارەکاندا [٤٩]، بەتایبەتی ڕواندز ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و دوورە دەست و لە ئەوپەڕی دووری دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی بووە.

بەپێی ساڵنامەکانی ویلایەتی موصڵی عوسمانی بەتایبەتی لە ١٣٣٠ک-١٩١٢ز، ئاماژە بە کوردبوونی دانیشتووانی ڕواندز دەکات، دەنووسێت: لە نەتەوەی کوردن، باس لە ژمارەیەکی کەمی جولەکەکان دەکات، لە هەندێک گوندی قەزای ناوبراو نیشتەجێبوونە، زمانی ناوچەیی کوردی بووە، بەڵام زمانی تورکی لەلایەن پیاوماقوڵان و پیاوە بەتەمەنەکانەوەقسەی پێدەکرێت[٥٠]، هەروەها ئاماژە بە هەندێ گوندی

کلدانی لەسەر ئاییینی مەسیحی لە ڕواندز دا دەکات، بێجگەلەوەی دانیشتووی بە ڕەگەز کوردی ڕواندز بە مەزهەبی شافیعی و پەیوەستبوونیان بە تەسەوف دەیانناسێنێت [٥١]، سەبارەت بەو هۆز و خێڵانەی کۆچەری لە سەر سنووری قەزای ڕواندز بوونە، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەهۆزەکانی تری ناوچەی ڕواندز نەبووە، بەتایبەتی هۆزەکانی وەک: خەیلانی و مامساڵ و بۆلی، کە ئاماژە بە ڕیشەی هاتنیان لەهۆزەکانی ناوچەی هەکاری دەکات، کاتێک جیابوونەتەوە و لەناوچەکانی ڕواندز و هەولێر (ئەربیل) بۆ هەر وەرزێک بە ڕەشماڵەکانیانەوە دەبینرێن.

دانیشتوانی ناوەندی قەزای ڕواندز لە ساڵی ١٨٩٤-١٨٩٥ز، نزیکەی (٣٣٥٠) کەس لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بووە [٥٢]، هەر چەندە ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی موصڵ بە تۆمارکراو و تۆمارنەکراوەکان بە نزیکەی (٨٢٨٠٠٠) هەزار کەس خەمڵێنراوە، بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ لە ١٣٣٠ک-١٩١٢ز [٥٣]، کە تێیدا ژمارەی دانیشتووانی قەزای ڕواندز نزیکەی (١٥٩٣٨) هەزار کەس بووە، لەنێو ئەم ژمارەیەدا، ژمارەی پێکهاتەی ئیتنی و ئایینزایی ئەو کەسانەی نیشتەجێی قەزای ڕواندز بوونە دیاریکردووە، کە تێیدا (٢١٨) کەس لە نێر و مێ لەسەر ئاینیی مەسیحیی کاتۆلیکی کلدانی هەژمارکراون، بەڵام ژمارەی جولەکەکان لە کلدانییە کاتۆلیکیە مەسیحییەکان زیاتربووە، کە ژمارەیان (٥٠٩) کەس بووە، بەڵام ژمارەی ڕەگەزی مێ لە جولەکەکان بە (١٨٩) کەس هەژماریکردوون [٥٤]، هەر چەندە لەهەموو ئایینزاکان کەمتر ژمارەی مێ وەکو خۆی تۆمار کراوە، کە ئەمە بەشێک بووە لە نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاییینی ئەو کات، کە ڕەگەزی مێ لە سەرژمێریکردنی دانیشتوان تۆمارنەکراوە، ئەوەی شایانی ئاماژە بۆ کردنە، لە خەملاندنی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕواندز لەسەر ئاستی دابەشبوونی ئاییینی بەمشێوەیە بووە، کریستیانییەکانی بەنەتەوە کلدانی و بەمەزهەب کاتۆلیکی نزیکەی لە ٣٦,١% ی کۆی دانیشتووانی قەزای ڕواندزییان پێکهێناوە، هەروەها جولەکەکان لە ١٩,٣%، بەڵام ڕێژەی موسڵمانانی دانیشتووی ڕواندز لە ٤٥,٩٥% بووە، لە ئەنجامدا لە کۆی تەواوی دانیشتووانی ویلایەتی موصڵ قەزای ڕواندز لە ٩٢,١% پێکهێناوە.

**تەوەرەی سێیەم: دامودەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکان :**

**أ: خوێندن و پەروەردە (معارف):**

دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەهەم گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینیی، بەتایبەتی لە گرنگیدانی دەوڵەتەکە بە خوێندنی هاوچەرخی ئەو سەردەم، لەبەرئەنجامی سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩-١٨٧٦)، ریفۆرمی گشتگیری سیاسی، ئابووری و خوێندەواری و سەربازی، بەپێی یاسا پەیرەولێکراوەکانی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەهەم هاتەکایەوە، خوێندن بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکرا: یەکەمیان: خوێندنی زانستە شەرعییەکان، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام و مێژووی قوتابخانەی زانستە شەرعییەکان لە هەر وڵات و ئاوەدانییەک دا، کە مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە چ لە دەوڵەتی عوسمانی و کوردستان بێت، دووەمیان: قوتابخانەی مەدەنی، یان خویندنی گشتی لە سایەی دەوڵەتی عوسمانی دا، لەم تەوەرەیەدا مەبەست لە مێژووی قوتابخانە گشتییەکانی قەزای ڕواندزە، کە بەپێی ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٣٠٠ک-١٨٨٢ز، ئاماژە بە هەبوونی قوتابخانەی ناوەندی (مکتب رشدیە) لە ناوەندی قەزای ڕواندز دەکات، کە لە هەموو ویلایەتی موصڵ تەنها چوار قوتابخانەی سەر بەدەوڵەت هەبووە، یەکێکیان لە قەزای ڕواندز بووە، ژمارەی خوێندکارەکانی نزیکەی (٣٠) خوێندکار بووە [٥٥].

بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ لە ١٣٠٨ک-١٨٩٠ز، لە قەزای ڕواندز ئاماژە بە هەبوونی قوتابخانەی ناوەندی (رشدیە) دەکات، بەبێ ئەوەی باس لە قوتابخانەی سەرەتایی (مکتب صبیان) بکات، مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی ڕواندزی ئەو کات،

پێکهاتبوون لە: (مامۆستا سەعید ئەفەندی) و (نووسەر: محەمەدئەمین ئەفەندی) و دەرگاوان یان خزمەتگوزار (نەبی ئاغا) [٥٦]، لە ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ دا لە ١٣١٠ک-١٨٩٢ز، مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی (رشدیە)ی ڕواندز گۆڕاوە بە (ئەسعەد ئەفەندی)، شوێنی نووسەری قوتابخانەکە بەتاڵ بووە، (نەبی ئاغا) هەر لە دەرگاوانی و خزمەتگوزاری قوتابخانەکە بەردەوام بووە [٥٧]، بەڵام لە ساڵنامەکانی وەزارەتی پەروەردەی عوسمانی (معارف) لە ١٣١٧ک-١٨٩٩، لە ڕیزبەندکردنی قوتابخانەکانی ناوەندی (رشدیە) لە سەنجەقی کەرکوک، دێتە سەر باسی قوتابخانەی ناوەندی ڕواندز، کە ژمارەی خوێندکارەکانی (٣٠) خوێندکار بووە، لەگەڵ دوو مامۆستا بەناونیشانی جیا، یەکەمیان: مامۆستای یەکەم بە وەکیل: شێخ عەلی ئەفەندی، مامۆستای خۆشنووس: محەمەد عارف ئەفەندی، تەنها یەک خزمەتگوزاری قوتابخانە بە ژمارە نووسراوە و ناوەکەی نەهاتووە [٥٨]. هەروەها لەهەمان ساڵنامەدا باس لە ژمارەی قوتابخانە ئاینییەکان (زانستە شەرعیەکانی ئیسلام) دەکات کە لە شاری ڕواندز ئامادەییان هەبووە، لە ژێر ڕێنمایی و چاودێری وەزارەتی پەروەردەی دەوڵەتی عوسمانی بوونە، قوتابخانەیەک بەناوی محەمەد پاشای کوردی (کردی محمد پاشا)، لەوانەیە ئەو ئەگەرە ڕاست بێت، کە میر محەمەد پاشای ڕواندز دوا میری میرنشینی سۆران، دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە بێت، لەهەمانکاتدا کتێبخانەیەکی بەم ناوە دامەزراندووە، شایانی باسە مامۆستای قوتابخانەی ناوبراو (ئەسعەد ئەفەندی) بووە، ئاماژە بە دامەزرێنەری قوتابخانەکە دەکات کە هەر بەناوی ئەویشەوە بووە کە (محەمەد پاشای کوردی)، کە لە گەڕەکی ناو بازاڕ (چارشو) بووە و ژمارەی خوێندکارەکانی (١٢) خوێندکار بووە [٥٩].

لەهەمانکاتدا ئاماژە بە دوو کتێبخانە دەکات، یەکەمیان: کتێبخانەی محەمەد پاشای کوردی، لە گەڕەکی سەرای بووە، ژمارەی کتێبەکانی چوار هەزار کتێب بووە، ساڵی دامەزراندنەکەی دیار نییە، بەڵام دامەزرێنەرەکەی هەر (محەمەد پاشای کوردی) بووە، دووەمیان: کتێبخانەی پاشا، لەشەقامی نوعمانیە بووە، ژمارەی کتێبەکانی نزیکەی سێیسەد کتێب بووە، لەلایەن عبداه پاشا لە ١٣٠٠ک-١٨٨٢ز، دامەزراوە [٦٠]، لە ساڵنامەی وەزارەتی پەروەردەی عوسمانی لە ١٣١٨ک-١٩٠٠ز، هەمان زانیارییەکانی ساڵنامەی ساڵی پێشوو ١٣١٧ک-١٨٩٩ز، دووبارە کراوەتەوە [٦١]، لە کۆتا ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ کە لە ساڵی ١٣٣٠ک-١٩١٢ز، چاپکراوە، تەنها ئاماژە بە مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی (رشدیە)ی ڕواندز دەکات کە (٣٠) خوێندکاری هەبووە، مامۆستاکەیان ناوی (عەبدا ئەفەندی) بووە [٦٢].

**ب: دادوەری:**

لە سیستەمی دادوەری عوسمانی، دامەزراندنی دادگای مەدەنی لە لیوا (سەنجەق) و قەزاکان بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دوای دەرچوونی (پەیڕەوی دادگاکانی دەوڵەت) لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٨٧١ز، دادگاکانی بۆ دوو پلە دابەشکرد، یەکەم: دادگای بەرایی، دووەم: دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف)، هەروەها ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی قەزا و ناحیە و گوندەکان بەپێی هەمان پەیڕەو سەرپشککرابوون لە چاوخشاندنەوە بە داواکانی خەڵک و نیشتەجێبووانی ئەم یەکە کارگێڕییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەو مەرجەی داوای سەرەتایی بێت و بۆ کاری تێهەڵچوونەوە بۆ ناوەندی لیوا (سەنجەق) بنێردرێت [٦٣].

لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی ساڵنامەکانی عوسمانی لەماوەی ١٨٩٠-١٩١٢، لە ڕواندز تەنیا دادگای بەرایی هەبووە، کە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە، ئاستی پێشکەوتنی پەیکەری کارگێڕی و ژمارەی فەرمانبەران و کەسانی تایبەتمەند و ئەندامانی دادگا و خزمەتگوزارەکانی دەخاتەڕوو:

| ساڵ | قازی | نووسەری یەکەم | نووسەری دووەم | هاریکاری لێکۆڵەر | جێبەجێکار | ئەندامان | خزمەتگوزاران |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱۸۹۰ | – | لوتفی ئەفەندی | عنایەت ئەفەندی | زەینەل ئەفەندی | حسێن أغا محەمەد أغا | جەمیل ئەفەندی/ ئیسماعیل ئەفەندی | مەحمود ئەفەندی |
| ۱۸۹۲ | – | لوتفی ئەفەندی | عنایەت ئەفەندی | زەینەل ئەفەندی | عەریان ئاغا حسێن ئاغا | نورس ئەفەندی/ ئیسماعیل ئەفەندی | مەحمود ئەفەندی |
| ۱۸۹٤ | مستەفا ئەفەندی | لوتفی ئەفەندی | حسێن ئەفەندی | خورشید ئەفەندی | – | عەبدول فەتاح ئەفەندی / سەعید ئەفەندی | – |
| ۱۹۱۲ | – | خدر ئەفەندی | عەبدول کەریم ئەفەندی | سەید خدر ئەفەندی | عەلی ئاغا | حاجی ئیلیاس ئەفەندی/ ئەمین ئەفەندی | – |

**خشتەی پەیکەری بەڕێوەبردنی دادگای بەرایی قەزای ڕواندز لەماوەی ۱۸۹۰-۱۹۱۲ (٦٤)**

لە دەوڵەتی عوسمانی، لە پاڵ دادگای مەدەنی، دادگای شەرعی (محكمەء شرعیە) هەبووە، کە کاری یەکلایکردنەوەی کێشەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵی عوسمانی (٦٥) و کوردستانی عوسمانی لەسەر بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە، لەهەمانکاتدا دادگاکانی شەرعی ناوەندێکی گەورەی تۆمارکردنی مامەڵەی بازرگانی و خانووبەرە و قەرز وەرگرتن و کڕین و فرۆشتنی موڵک لەنێوان خەڵک دا بووە، دەفتەری تۆماری دادگاکانی شەرعی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی لایەنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کارگێڕی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی (٦٦).

لە قەزای ڕواندز، تەنها لە ژمارەی کۆتایی ساڵنامەی ویلایەتی موصل لە ۱۳۳۰ک-۱۹۱۲ز، ئاماژە بەبوونی دادگای شەرعی دەکات، کە پێکهاتبوو لە جێگری سەرۆکی دادگای شەرعی (عەبدولڕەزاق ئەفەندی)، هەر یەکە لە گەورەی نووسەران (باشکاتب) (سەعید ئەفەندی)، نووسەری دووەمی دادگای شەرعی (تۆفیق ئەفەندی)، و (مستەفا ئاغا) وەک تۆمارکاری دادگای شەرعی کارمەند بووە(٦٧).

**ج: دامەزراوەی تەندروستی، پۆستە و تەلەگراف، باری شارستانی (نفوس) و دارایی:**

دامودەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە قەزای ڕواندز لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، لە ئاستێکی زۆر لاوازی خزمەتگوزاری دابوونە، بەتایبەتی لەماوەی توێژینەوە زۆر کەم ئاماژە بە ئامادەییان دەکرێت، بەتایبەتی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی وەک: پۆستە و تەلەگراف، تەندروستی و باری شارستانی (نفوس) لە ماوەی نێوان ۱۸٦۲ تا ۱۸۹۰، بەلام لە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و وەزارەتەکانی، تەنها ئاماژە بە دەزگاکانی دارایی و ئابووری دەکات، لەبەر هۆکاری کۆکردنەوەی باج و داهات لەسەر دانیشتوانی قەزای ڕواندز و دەوروبەری، باجە جۆراوجۆرەکان یەکێک بووە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات بۆ خەزێنەی دەوڵەت، هەروەکو ئاماژەمانپێکرد ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ئاست پێویستی ناوچەی ڕواندز دا نەبووە، هەر بۆیە لە ڕەوشی تەندروستی قەزای ڕواندزدا تەنها ئاماژە بە پزیشک و ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لە ماوەی نێوان ساڵانی۱۸۹۰ تا ۱۹۱۲ دەکرێت، بۆ نموونە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موصل ناوی

کارمەندانی تەندروستی ڕواندزی نووسیووە، لە ژێر سەردێری (کارمەندانی کارەنتینە [٦٨]: قرانتنە مأمورلری) لە چوار کارمەند پێکهاتوون، پزیکشی کارەنتینە (دکتۆر غوت ئەفەندی)، برینپێچ (مەحمود ئاغا)، نووسەر (حەلیم ئەفەندی) و (ئەمین ئاغا) [٦٩]، بەڵام لە ساڵنامەی ویلایەتی ناوبراو لە ساڵی ١٣١٠ک_١٨٩٢ز، هەمان زانیارییەکان دووبارە دەبنەوە و کارمەندان و پزیشکی کارەنتینەی ڕواندز وەک خۆیان لە پۆست و کارەکانیان بەردەوامبوونە [٧٠]. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ساڵنامەی موصڵ لە ١٣١٢ک_١٨٩٤ز، هیچ ئاماژەیەک بەهەبوونی بنکەیەکی تەندروستی و چارەسەکردنی نەخۆش نییە. بەهەمانشێوە لە ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ لە ساڵی ١٣٣٠ک_١٩١٢ز، ناوی هیچ دامودەزگاییەکی تەندروستی بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی قەزای ڕواندز تۆمار نەکراوە [٧١]. بەڵام لەم ساڵنامانەدا ئاماژەییەک نادات بۆ باروودۆخ و ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی و ژمارەی نەخۆش و چارەسەرکردنی نەخۆش لە بنکەی تەندروستی ڕواندز، هەروەها دیاریکردنی جۆری نەخۆشییەکان لە وەرزی و درم و گوازراوەکان هەر بوونی نییە.

سەبارەت بە پۆستە و تەلەگراف لە دەوڵەتی عوسمانی بایەخێکی ئێجگار گەورەی پێدەدرا، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک ئیستانبوڵ و ئەدرنە و بەغداد و دیمەشق و خاکی حیجاز، لە نێوان شارە گەورەکان و بچووکەکاندا بەردەوام هاتووچۆ هەبوو، یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی کارمەندانی پۆستە و تەلەگراف هێنان و بردنی نامە و کەلوپەلی پۆستەکراو لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت و هاوڵاتییانی شارەکان بووە، بۆیە لە شاری ڕواندز بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی موصڵ لە ساڵی ١٨٩٠، ئاماژە بەناوی (کافی ئەفەندی) دەکات وەک فەرمانبەری تەلەگراف و پۆستە (تلغراف و بوستە مأموری) [٧٢]. هەروەها لە ساڵنامەی ساڵی ١٨٩٢، زانیارییەکان وەک خۆیان دەربارەی پۆستە و تەلەگراف نووسراوەتەوە و لەلایەن هەمان فەرمانبەری ئاماژەپێکراو کارەکانی بەردەوامی پێدراوە [٧٣]. بەڵام لە ساڵی ١٨٩٤، فەرمانبەری پۆستە و تەلەگراف لە ڕواندز دەگۆڕیت بە (ئیبراهیم ئەفەندی) [٧٤]، ئەگەر ساڵنامەکانی ویلایەتی موصڵ لێکۆڵینەوەی وردتری تێیدا ئەنجامبدرێت، بەدیار دەکەوێت کەمترین زانیاری لەسەر فەرمانگەکانی پۆستە و گەیاندن تۆمارکراون، هەروەها ئاماژەنەکردن بۆ ماوەی دووری نێوان شارو شارۆچکەکان بۆ گواستنەوەی پۆستەکان، لەهەمانکاتدا جۆری پولەکان و نرخی گواستنەوە دیار نییە، سەرەڕای ئەوەی کە هێڵەکانی تەلەگراف چۆن پارێزگارییان لێکراوە. بەهەر جۆرێک بێت هەبوونی پۆستە و تەلەگراف نیشانەیەکی دیاری ئەو سەردەم و وەرچەرخانی شارستانیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بووە. بەتایبەتی لە کۆمەڵە دواکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتی عوسمانی لەوانە ناوچە کەنارییەکانی (دەرەوەی شارە گەورەکان) کوردستان، بەڵام لە ساڵنامەی ساڵی ١٩١٢، واتە دوو ساڵ پێش هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤، پۆستە و تەلەگرافی قەزای ڕواندز تەنها یەک فەرمانبەری هەبووە بەناوی (ئەدیب ئەفەندی) [٧٥].

مێژووی تۆمارکردنی دانیشتووان، لە دەوڵەتی عوسمانی بە تۆمارکردنی زەوی و زار دەستی پێکرد بەتایبەتی لەسەدەی پانزەهەم و شانزەهەم بە (دفاتر التحریر) ناسرابوو، پاشان دەفتەری تاپۆ (دفاتر طابو)، ئینجا تۆماری عوسمانی (سجل العثمانی) دروستبو [٧٦]، کە لە دوای دەرچوونی ساڵنامەکانی دەوڵەت و وەزارەت و ویلایەتەکاندا دامەزراوەکانی (نفوس مأمورلری) واتە: فەرمانبەرانی باری شارستانی هاتەکایەوە. بۆیە هەتا ئێستا لە نێو ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وشەی (نفوس) بەکاردێت، هەرچەندە وشەیەکی عەرەبییە، بەڵام لە زمانی عوسمانی بەکارهاتووە، دواتر وەک وشەیەکی باو ماوەتەوە و بەردەوام بەکاردەهێنرێت، هەر بۆیە لە قەزای ڕواندز بەشێوەیەکی بەرچاو دامەزراوەی باری شارستانی ئامادەیی هەبووە، بەبەراورد لەگەڵ دامەزروەکانی تر،

لــە ســاڵنامەی ویلایــەتی موصــڵ لــە ســاڵی ١٨٩٠، فەرمانگـەی بـاری شارسـتانی ڕوانـدز لـە سـێ کـەس پێکهـــاتبوون، وەک: فەرمانبـــەر (ئەحمـــەد زەکـــی ئەفەنـدی)، ڕازگـری سـندوق (صـندق امینـی) عەبـدوڵلا ئەفەنـدی بـووە، نووسـەری ناسـنامە (محەممـەد عـەلی ئەفەنــدی) [٧٧]، بــەڵام لــە ســاڵی ١٨٩٢، ژمــارەی کارمەنــدانی فەرمانگــەی ناســنامە (نفــوس) دوو فەرمانبـەر بوونـە بەبـەروارد بـە سـاڵی ١٨٩٠، کـە پێکهـاتبوون لـە چـوار فەرمانبـەری بـاری شارسـتانی، فەرمانبــەرانی ناســنامە لــە ١٨٩٢ ئەمانــە بــوون: فەرمانبـەری ناسـنامە (ئەحمـەد ئەفەنـدی)، نووسـەر ناســنامە (عەبــدولقادر ئەفەنــدی) [٧٨]، هــەروەها گۆڕانکــاری دروســتبووە لــەنێو دامــەزراوە خزمەتگوزارییـەکانی قـەزای ڕوانـدز، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٨٩٤، فەرمانگـەی بـاری شارسـتانی ڕوانـدز بەناونیشـانێکی نـوێ (خامـەی ناسـنانە_نفوس قلمـی) لـەکارەکانی بـەردەوام دەبێـت، دوو کـەس بـەڕێوەیان بردووە، فەرمانبەر (ئەحمەد زەکی ئەفەندی)، نووسەر: (عەبدولقادر ئەفەندی) [٧٩]، هەرچەندە لە ساڵی ١٨٩٢ دا (ئەحمـــەد زەکـــی ئەفەنـــدی) گوزاراوەتـــەوە بـــۆ شوێنێکی تر یان هەر هۆکارێکی تر هـەبووبێت، بـەڵام لە ساڵی ١٨٩٤ لە ڕواندز دەگەڕێتەوە سـەر کارەکەی، وەکـو لــە دێرەکـانی پێشـووتر ئامـاژەم پێکـردووە. لەســـەروبەندی کۆتاییهـــاتنی دەســـەڵاتی دەوڵـــەتی عوسمانی لە دوو دەیەی سەرەتای سـەدەی بیستەمدا، دامـــەزراوەی خزمـــەتگوزاری بـــاری شارســـتانی دەگۆڕێت بە (فەرمانگەی ناسنامە_نفوس دائرەسی) لە ١٩١٢دا، دوو فەرمانبـەری هـەبووە، یەکـەم: (شـەفیق ئەفەنـدی) بـە پلـەی فەرمانبـەری، دووەم: نووسـەری فەرمانگەی ناسنامە (عەبدا ئەفەندی) [٨٠].

دامودەزگاکـانی دارایـی لـە دەوڵـەتی عوسـمانی ڕۆڵێکی گـەورەیان لـە کۆکردنـەوەی بـاج و داهـات بـۆ خەزێنــەی دەوڵــەت هــەبوو، لەبەرئــەوە زۆرتــرین فەرمانبـەر بـە پلـەی جیـاواز بـۆ کۆکردنـەوەی بـاج و داهاتــەکانی ڕەوانــەی هــەموو بســتێکی خــاکی کوردستانی عوسمانی دەکران، بەتایبەتی ویلایەتەکانی ئاسیای عوسمانی لەناویاندا ویلایەتەکانی کوردسـتانی بژێوی ژیانیـان لەسـەر بەرهەمـە کشتوکاڵییەکان بـوو، هەرچەندە بۆ دانیشتوانەکەی سـەرچاوەیەکی گـەورەی ئـابووری نـەبوو، چونکـە بەرهەمـەکان لـە بـازاڕە گـەورەکانی عوسـمانی سـاغکردنەوەیان قـورس بـوو، بـەهۆی سـەختی ڕێگـا و بـان و سـەقامگیرنەبوونی بـارودۆخی کوردسـتان، بەتایبـەتی دابـین نـەکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ کاروانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ و کـاری هـاوردە و هـەناردەکاری لـە کوردسـتان، بـەڵام دەوڵـەتی عوسـمانی بـەردەوام بـوو لـەکاری ڕووپێـوی زەوییـە داچێنراوەکـان و خەمڵاندنی بەربوومـەکان بـۆ کۆکردنـەوەی داهـاتی سـاڵانە، قـەزای ڕوانـدز بـەپێی ساڵنامەکانی ویلایەتی موصڵ لەو ناوچانـە پۆلێنکراوە کــە ناوەنــدێکی گرینگــی کشــتوکاڵییە، ســەرچاوەی خۆراک و داهات بـووە بـۆ دەوڵـەتی عوسـمانی [٨١]، بـۆ ئــەم مەبەســتە دەوڵــەتی عوســمانی چەنــدین پلــەی کـارگێڕی لـە قـەزای ڕوانـدز بـە فەرمانبـەری جیـا جیـا بەخشــیبوو بــۆ کۆکردنــەوەی بــاج و دەرامــەت بــۆ خەزێنـەی دەوڵـەت، کـە بـەپێی سـاڵنامەکانی ویلایـەتی موصڵ لە ١٨٩٠، نووسـەری باجـە هەمـە چەشـنەکان (ویرکـــو کـــاتبی) لەلایـــەن (حـــافز ئەفەنـــدی) بەڕێوەبردراوە، هـەر بـەپێی هـەمان ساڵنامە لـەو کاتدا بەتـەنیا کـاری لـە کۆکردنـەوە و خەمڵاندنی داهـات بـۆ وەرگرتنـی باجـە هەمەچەشـنەکانی ناوەنـدی قـەزای ڕوانـدز کـردووە، هـەروەها هـەر یەکـە لـە (ئیسـماعیل ئەفەندی و عەبـدوڵلا ئەفەنـدی) کاریـان لـە کۆگـاکردن داهـات و باجـە وەرگیراوەکـان کـردووە [٨٢]، یـەکێک لـە خەســڵەتەکانی کــارگێڕی عوســمانی گۆڕانکــاری بـەردەوام بـووە، لەسـەر هـەردوو ئاسـتی پاییـەکانی کــارگێڕی و کەســی، ئەمــە بــەهۆکاری پێداویســتی کارگێڕی و توانستی مرۆیی کەسـەکان، بـۆ نموونـە لـە ساڵی ١٨٩٢ دا، بەرپرسیارییەتی باجە هەمەچەشنەکان (عەبـدوڵلا ئەفەنـدی) بـووە، بـەڵام سـێ پۆسـتی نـوێ ئاماژەیــان پێکــراوە، وەک: فەرمانبــەری ڕســومات (عەبدولـەتیف ئەفەندی)، نووسـەری ژمێریـاریی بـانکی (بـانق محاسـبە کـاتبی) لەلایـەن (مەجیـد ئەفەنـدی)

بەڕێوەبردراوە، ئەمە بە سەرەتای کاری بانکی لە قەزای ڕواندز دادەنرێت، هەروەها نووسەری ڕسومات (صالح ئەفەندی) بووە [٨٣].

گەشەکردن و پەرەسەندنی دامەزراوەکانی دارایی و ئابووری لە قەزای ڕواندز بەڵگەی زۆر بوونی سەرچاوەکانی داهاتە لە سنووری قەزای ناوبراودا. وەک لە ساڵنامەی ساڵی ١٨٩٤ دەردەکەوێت، کە چەند پاییەکی تری کارگێڕی بۆ بەڕێوەبردنی کاری دارایی لە قەزای ڕواندز زیادکراون، وەک: فەرمانبەری قەرزە گشتییەکان (محەممەدئەمین ئەفەندی) و ڕازگری سندوق (نورس ئەفەندی)، ئەمە سەرەڕای بەرزکردنەوەی پلەی (عەبدولەتیف ئەفەندی) لە فەرمانبەری ڕسومات بۆ بەڕێوەبەری ڕسومات، هەر یەک لە (عەبدوڵلا ئەفەندی) نووسەری باجە هەمەچەشنەکان و (ئیسماعیل ئەفەندی) فەرمانبەری کۆگاکردن لە کارەکانیان بەردەوام بوونە [٨٤]. هەرچەندە دامەزراوەکانی دارایی عوسمانی لە قەزای ڕواندز دا لە گۆڕانکاری و پەرەسەندنی بەردەوام دابوونە، لەوانە گۆڕینی ناونیشانی فەرمانگەکانی ناوەندی قەزا و بەرفراوان کردنیان، بۆ نموونە، کردنەوەی فەرمانگەی ڕسومات (رسومات دائرەسی) لە ١٩١٢، لەهەمانکاتدا بەڕێوەبەر و سەرۆکی نووسەرانی بۆ دیاریکراوە، بەڵام ناوەکانیان نەنووسراوە، هەروەها پۆستیکی نوێ هاتۆتەکایەوە بەناوی نووسەری تاپۆ (طابو کاتبی) کە (خالد ئەفەندی) بووە، بەڵام فەمانبەری قەرزە گشتییەکان، هیچ ئاماژەیەک بە ناوەکەی نەکراوە، بێجگە لە ناونیشانی پۆستەکەی نەبێت [٨٥].

**پوختەی توێژینەوە:**

ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ویلایەتەکانی، سەرچاوەیەکی گرینگی لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێی کوردستان و کوردن، بەتایبەتی ساڵنامەکانی ویلایەتی موصڵ، کە ژمارەیان ٥ دانەیە (١٩١٢-١٨٩٠)، بەدرێژایی دەرچوونی ژمارەکانی لە ناوەندی ویلایەت، زانیاریی گرینگی لە سەر ناوچەی ڕواندز کە سەر بە سەنجەقی (لواء یان پارێزگای) کەرکوک بوە، لەگەڵ ناحیەکانی حەریر و باڵەک و سیدەکان کە بەبەردەوامی بەشێک بوونە لە قەزای ڕواندز، بۆچی زانیاریی ناو ساڵنامەکان گرینگن..؟ لەبەرئەوەی زانیاری فەرمی و باوەڕپێکراوی دەوڵەتێکی فراوانی چوار سەدەی حوکمڕانییە لەکوردستاندا، هەروەها کۆمەڵێک زانیاریی وردی وەک: دابەشبوونی کارگێڕی، ژمارەی دانیشتوان، بارودۆخی دانیشتوان، کشتوکاڵ، بازرگانی، خوێندەواری و خوێندنگا ئاینییەکان، دادوەری و خزمەتگوزاری گشتی، کتێبخانەکان، خوێندنگا فەرمییەکان و ژمارەی فێرخوازان، ئەوقاف و دەزگاکانی کۆکردنەوەی باج و جۆرەکانی و هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پیشە دەستییەکان..هتد، ئەمانە کرۆکی ئەم توێژینەوەیە ڕەنگرێژدەکەن و کۆمەڵێک ڕووی داخراوی مێژوویی ڕواندز ڕوونکاریتر دەکەن، هەروەها ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە لە نێوان ساڵانی ١٨٤٧-١٩١٨ بە بەردەوامی لە بڵاوبوونەوەدابوون، زانیاریی سەرەکی لەسەر ڕواندز و ناحیەکانی بڵاوکردۆتەوە، سەرباری ساڵنامەکانی وەزارەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی وەک: ساڵنامەی وەک: وەزارەتی معارف، کۆمەڵێک لە ناو و شوێن و ساڵ و دامەزرێنەری خوێندنگا ئاینییەکانی ناوچەی ڕواندز و دەوروبەری تۆمارکردووە. بەخوێندنەوەی ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی مێژوویەکی نوێی پوختەکراوی ناوچەکانی کوردستان بەردەست دەبێت، بەتایبەتی قەزای ڕواندز، کە مەڵبەندی حوکمڕانی سۆران بووە، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی سۆران کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەبوونی دەسەڵاتی ناوەندێتی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی تەنزیمات و دواتری کە بو بە هۆکاری گرینگیدانی زیاتر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لە دوای بەستنەوەی بەناوەندی ویلایەتی موصڵ و بەغداد لە دوو سەردەمی جیاوازدا.

**ملخص البحث**
**قضاء رواندز في سالنامات العثمانية ١٨٦٢-١٩١٢**

تعدُّ السالنامة العثمانية مصدراً هاماً من مصادر الدراسة في التاريخ الحديث للكورد وكردستان، وخاصة سالنامات ولاية الموصل التي شملت خمسة أعداد صدرت ما بين أعوام (١٨٩٠-١٩١٢)، حيث أن سالنامة ولاية الموصل تحتوي على معلومات هامة حول قضاء ڕواندز (حيث تربط ڕواندز بولاية بغداد والموصل في أوقات مختلفة حسب ما هو مفهوم من السالنامات العثمانية)، وتكمنُ أهمية هذه السالنامات، أن فيها معلومات رسمية وموثوقة للامبراطورية العثمانية والتي حكمت كردستان لمدة أربعة قرون. و أيضا التقارير التي وردت من هذه السالنامات تتضمن معلومات دقيقة عن مدن كوردستان وتشمل هذه المعلومات: الإدارة، والسكان، والرخاء، والزراعة، والتجارة، والتعليم، والمدارس الدينية، والعدل، والخدمات العامة، والمكتبات، والمؤسسات الرسمية، وأرقام المتعلمين، والوقف، وجمع الضرائب، والإنفاق وأنواع الضرائب، والمهن وحرفيي المصانع...إلخ، فهذه السالنامات وثّقت الجانب التاريخي والاجتماعي لمدن كوردستان وفي طليعتها مدينة ڕواندزالتي كانت عاصمة إمارة سوران، فهي تحتوي على معلومات هامة حول ڕواندز والمقاطعات المحيطة بها. صدرت السالنامات في الدولة العثمانية بصورة عامة عام ١٨٤٧ واستمرت حتى عام ١٩١٨.

أدعُ الدارسين إلى دراسة هذه السالنامات والنظرفيها وترجمتها إلى الكوردية وتحليل القضايا التاريخية والاجتماعية الخاصة بالكورد ومدنها.

**Abstract**
**Qaza of Rwandiz in the Ottoman Salnames 1862-1912**

The Ottoman Salanmes are considered a significant source of study to the modern history of Kurd's and Kurdistan، especially Mosul Salnames which included five issues between (1890-1912)، Mosul Salnames contained information about Riwanduz، a then-part of Kirkuk Sanjeq (province)، and its sub-district of Harir، Balak and Sidakan. Why is information within Salnames important because it is the official and reliable information of a great and influential empire, which ruled Kurdistan for four centuries It also contained accurate information about administration، population، prosperity، agriculture، trade، education، religious schools، justice، public service، libraries، formal institutions، learners numbers، endowment، tax collecting، expending and types of corns، hand-made professions، These topics are retail in this paper and they show a hidden and an untouched side of Riwanduz history، The Salanames issued between (1847-1918) also contained important information about Riwanduz and its surrounding sub-districts moreover، some other Ottoman institutions like the ministry of Education (Maaref) alludes to some names، places and the years of founding some religious schools in Riwanduz، These Salnames offer very concise and new insights about Kurdistan history، especially about Riwanduz which was the Capital of Soran Emirates، but after the fall of Soran Emirates، Riwanduze came under the central power of Ottomans during Tanzimat era، after that it drew more attention of Ottomans، especially when it was connected to Mosul and Baghdad Vilyates at two different times.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی:**

١-سالنامه دولت عثمانیه، ١٢٧٩هـ (-١٨٦٢م)، احمد سامی، مطبعه عامریده، طبع اولتشمدر.

٢-سالنامه دولت عثمانیه، ١٣٠٠ سنه هجریه سنه مخصوص (-١٨٨٢م)، مطبعه ابو الضيا.

٣-سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١١هـ- (١٨٩٣م)، در سعادت (استانبول)، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.

٤-سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١٢هـ- (١٨٩٤م)، در سعادت (استانبول)، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.

٥-سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١٣هـ- (١٨٩٥م)، در سعادت (استانبول)، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.

٦-سالنامه دولت عثمانیه، ١٣١٧ سنه هجريه سنه مخصوص- (١٨٩٩م)، دار الخلافة العلية، مطبعه عامريده.

٧-سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١٩هـ- (١٩٠١م).

٨-سالنامه دولت عثمانیه، ١٣٢٠ سنه هجريه سنه مخصوص- (١٩٠٢م)، در سعادت (استانبول) دار الطباعة العامره.

٩-سالنامه دولت عثمانیه، ١٣٢١ سنه هجريه سنه مخصوص- (١٩٠٣م)، در سعادت (استانبول)، عالم مطبعه سی-أحمد احسان وشركاسي.

١٠-سالنامه دولت عثمانیه، ١٣٢٤ سنه هجريه سنه مخصوص- (١٩٠٦م)، در سعادت (استانبول)، مطبعه احمد احسان.

١١-سالنامه دولت عثمانیه، ١٣٢٦ سنه هجريه سنه مخصوص- (١٩٠٨م)، در سعادت (استانبول)، مطبعه احمد احسان.

١٢-سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٢٨هـ (١٩١٠م)، در سعادت (استانبول)، سلانيک مطبعه سی.

**دووەم: ساڵنامەکانی وەزارەتی پەروەردی عوسمانی (معارف):**

١-سالنامه نظارت معارف عموميه، ١٣١٧هـ- (١٨٩٩م).

٢-سالنامه نظارت معارف عموميه ج٢، ١٣١٨هـ- (١٩٠٠م).

**سێیەم: ساڵنامەکانی ویلایەتی موصڵ:**

١-موصل ولايتي سالنامەسي ١٣٠٨هـ (١٨٩٠م)، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق أفندي معرفتيله، ترتيب وطبع اولندى.

٢-موصل ولايتي سالنامەسي ١٣١٠هـ- (١٨٩٢م)، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق أفندي معرفتيله، ترتيب وطبع اولندى.

٣-موصل ولايتي سالنامةسي ١٣١٢هـ- (١٨٩٤م)، مكتوبي ولايت عرفتلو صادق أفندي، موصل ولايتي مطبعسنده باصلمشدر.

٤-موصل ولايتي سالنامەسي، ١٣٣٠هـ- (١٩١٢م)، رسميسيدر مطبعه ده طبع اولتمشدر.

**چوارەم: چاپکراوی عوسمانی:**

١-نوفل أفندى نعمة الله نوفل (ترجمة من التركية إلى العربية): **الدستور**، بمراجعة و تدقيق: خليل أفندى الخورى، مجلد١، المطبعة، السورية، بيروت، ١٨٨٣.

**پێنجەم: گەشتنامە:**

١_خورشيد باشا: **رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران**، ترجمة و تقديم: مصطفى زهران، مراجعة: الصفصافي أحمد القطوري، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٩.

**شەشەم: پەرتوک بە زمانی عەرەبی:**

١-إريك زوركر: **تاريخ تركيا الحديث**، ت: د.عبداللطيف الحارس، مراجعة: سعد ضاروب، دار المدار الاسلامي، بيروت. ٢٠١٣.

٢-أكمل الدين احسان أوغلى (إشراف و تقديم): **الدولة العثمانية تاريخ و حضارة**، ت: صالح سعداوي، ج١، مركز الأبحاث للتاريخ و الفنون و الثقافة الإسلامية، استانبول، ١٩٩٩.

٣-د.حسان حلاق: **التاريخ الاجتماعي والاقتصادي والسياسي في بيروت والولايات العثمانية في القرن التاسع عشر**، ج١، دار الجامعية، بيروت، ١٩٨٧.

٤-د.سعدي عثمان حسين: **كوردستان الجنوبية في القرنين الثامن عشر و التاسع عشر**، من منشورات مكتبة سوران-أربيل، السليمانية، ٢٠٠٦.

٥-د.فاضل بيات: **الدولة العثمانية في المجال العربي**، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧.

٦-د.فاضل مهدي بيات: **دراسات في تاريخ العرب في العهد العثماني**، دار المدار الإسلامي، بيروت-لبنان، ٢٠٠٣.

**حەوتەم: پەرتووک بە زمانی ئینگلیزی:**

(1) Cengiz Eroglu and Murat Babucolgu and Orhan Ozdil (Editors): **Mosul in the Ottoman Vilayet Salnames** ،Translated: Umit Ilhan ، Center for Middle Eastern Strategic Studies، Ankara، 2012.

**هەشتەم: توێژینەوە:**

١-د.خليل علي مراد: **المفهوم الاداري والجغرافي لمصطلح (كردستان) في مصادر العهد العثماني**، مجلة (ژين) مؤسسة ژين لإحياء التراث الوثائقي و الصحفي الكردي، العدد (٥)، السنة (الخامسة) كانون الأول ٢٠١٣.

٢- هند غسان أبو الشعر: **سجلات النفوس العثمانية مصدرا تاريخيا سجل نفوس قرية الشوبک نموذجا**، المجلة الأردنية للتاريخ والآثار، المجلد (٤)، العدد (١)، ٢٠١٠.

**نۆیەم: فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

١-د.حسان حلاق و د.عباس صباغ: **المعجم الجامع في المصطلحات العثمانية**، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٩.

**دەیەم: ئینسایکلۆپیدیا:**

**١-** قاموس ئەعلامی شەمسەددین سامی: **کورد و کوردستان لە یەکەمین ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا**، م.ئەمین بۆز ئەرسلان (وەرگێران بۆ سەر زمانی تورکی نوێ و پێشەکی و پەراوێز) و: ئەحمەد تاقانە (وەرگێڕان بۆ کوردی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

**یانزەیەم: چاوپێکەوتن:**

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ **حاجی ئەحمەد ئاغای مەلا برایمی گەلاڵە**، شارۆچکەی گەلاڵە-چۆمان، ٤/١٠/ ٢٠١٦.

**پەراوێز:**

---

١) د.فاضل مهدي بيات: دراسات في تاريخ العرب في العهد العثماني، دار المدار الإسلامي، بيروت-لبنان، ٢٠٠٣، ص٢٠٤-٢١١.

٢)المصدر نفسه، ص٢٠٥.

٣) د.سعدي عثمان حسين: كوردستان الجنوبية في القرنين الثامن عشر و التاسع عشر، من منشورات مكتبة سوران-أربيل، مطبعة سيما، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٥٦.

٤) خورشيد باشا: رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران، ترجمة و تقديم: مصطفى زهران، مراجعة: الصفصافي أحمدالقطوري، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٣٢٨-٣٣٠.

٥) المصدر نفسه، ص٣٣٠.

٦) المصدر نفسه، ص٣٣٠-٣٣١.

٧) خورشيد باشا: المصدر السابق، ص٣٣١.

٨) د.فاضل بيات: الدولة العثمانية في المجال العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، ص٣١٥-٣١٦.

٩) قاموسئەعلامی شەمسەددین سامی: کورد و کوردستان لە یەکەمین ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، م.ئەمین بۆز ئەرسلان(وەرگێران بۆ سەر زمانی تورکی نوێ و پێشەکی و پەراوێز) و: ئەحمەد تاقانە(وەرگێڕان بۆ کوردی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٠٩.

١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

١١) د.خليل علي مراد: المفهوم الاداري والجغرافي لمصطلح(كردستان) في مصادر العهد العثماني، مجلة (ژين) مؤسسة ژين لإحياء التراث الوثائقي و الصحفي الكردي، العدد(٥)، السنة(الخامسة) كانون الأول ٢٠١٣، ص٧-٨.

١٢) سالنامه دولت عثمانيه، ١٢٧٩هـ[-١٨٦٢م]، احمد سامي، مطبعه عامريده طبع اولتشمدر. بدون صفحة.

١٣) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٠٠ سنه هجريه سنه مخصوص[-١٨٨٢م]، مطبعه ابو الضيا.ص٣٣٠.

١٤) موصل ولايتي سالنامةسي ١٣٠٨هـ[-١٨٩٠م]، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق أفندي معرفتيله، ترتيب وطبع اولندى.ص١٢٨.

١٥) م.و.س: ١٣٠٨هـ[-١٨٩٠م]، ص١٢٨.

١٦) م.و.س: ١٣٠٨هـ[-١٨٩٠م]، ص١٢٩.

١٧) موصل ولايتي سالنامةسي ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق أفندي معرفتيله، ترتيب وطبع اولندى. ص ١٨٥.

١٨) مەعروف ئاغا، يان مارف ئاغای چۆمانێ، کوڕی میر مستەفای کوڕی میر عەزیزی نەوەی مەلا مەحمودی مەلا شەڕەفە لە شارۆچکەی گەلاڵە..بۆ زانیاری: چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئەحمەد ئاغای مەلا برایمی گەلاڵە، شارۆچکەی گەلاڵە-چۆمان، رۆژی چاوپێکەوتن ٢٠١٦ /٤/١٠. لە ١ی ٧ی ١٩٤٩ لە هەمان شارۆچکە لە دایکبووە، ئێستا تەمەنی ٦٧ ساڵە، خانەنشینە و بۆ ماوەی ٢١ ساڵ فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی پەروەردە، باوکی حاجی ئەحمەد ئاغا، (مەلا برایمی ئەحمەد ئاغای میر حەمەدی میر عەزیزی گەلاڵەیە) لە ٦ی ٣ی ٢٠٠٤ لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا کۆچی دوایکردووە، یادەوەرییەکانی سەرچاوەی زۆربەی زانیارییەکانی ناوبراون، هەروەها مەعروف ئاغا دەکاتە کوڕە مامی ڕاستەقینەی ئەحمەد ئاغا باوکی مەلا برایم و باپیرەی حاجی ئەحمەد ئاغا گەلاڵە کە ئێستا لە ژیاندایە.

١٩) م.و.س:١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٦.

٢٠) م.و.س:١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٥.

٢١) سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١١هـ-[١٨٩٣م]، در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر. ص٥٣٢.

٢٢) سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر. ص٥٤٨.

٢٣) س.د.ع.ع: ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص٥٤٨.

٢٤) موصل ولايتي سالنامةسي ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، مكتوبي ولايت عرفتلو صادق أفندي، موصل ولايتي مطبعسنده باصلمشدر. ص١٦٥.

٢٥) م.و.س: ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص١٦٦.

٢٦) سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١٣هـ-[١٨٩٥م]، در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.ص٥٨٠.

٢٧) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣١٧ سنه هجريه سنه مخصوص-[١٨٩٩م]، دار الخلافة العلية، مطبعه عامريده. ص٤١٢.

٢٨) سالنامه دولت عليه عثمانيه، ١٣١٩هـ-[١٩٠١-١٩٠٢م]. ص٥٠٦.

٢٩) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٢٠ سنه هجريه سنه مخصوص-[١٩٠٢م]، در سعادت[استانبول] دار الطباعة العامره. ص٥٢٩.

٣٠) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٢١ سنه هجريه سنه مخصوص-[١٩٠٣م]، در سعادت[استانبول]، عالم مطبعه سى-أحمد احسان وشركاسي.ص٥٧٩-٥٨٠.

٣١) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٢٤ سنه هجريه سنه مخصوص-[١٩٠٦م]، در سعادت[استانبول]، مطبعه احمد احسان. ص٧١٩.

٣٢) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٢٦ سنه هجريه سنه مخصوص-[١٩٠٨م]، در سعادت[استانبول]، مطبعه احمد احسان. ص٧٢٧.

٣٣) سالنامه دولت عثمانيه، ١٣٢٨هـ-[١٩١٠م]، در سعادت[استانبول]، سلانيک مطبعه سى.ص٨٠٤.

٣٤) موصل ولايتي سالنامەسي، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، رسميسيدر مطبعه ده طبع اولتمشدر، ص٢٥٢

٣٥) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٤.

٣٦) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٤.

٣٧) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٤.

٣٨) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٤.

(39)Cengiz Eroglu and Murat Babucolgu and Orhan Ozdil(Editors): Mosul in the Ottoman Vilayet Salnames, Translated: Umit Ilhan , Center for Middle Eastern Strategic Studies, Ankara, 2012, P195.

٤٠) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص٢٥٦.

٤١) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص٢٥٦.

٤٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم ساڵنامانە: م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٠٨-١٢٢و ١٤٢. م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٥٧-١٧٨. و ٢٠٥-٢٠٩. م.و.س، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص٢٧٦-٢٩٤.

٤٣) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٦٣.

٤٤) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٦.

(45)Cengiz Eroglu and others: Op.Cite. P46.

٤٦) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٥.

٤٧) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٧.

٤٨) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٦-٢٥٧.

٤٩) إريك زوركر: تاريخ تركيا الحديث، ت: د.عبداللطيف الحارس، مراجعة: سعد ضاروب، دار المدار الاسلامي، بيروت. ٢٠١٣، ص٢٨٠.

٥٠) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٥.

٥١) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٧.

(52) Cengiz Eroglu and others: Op.Cite. P195.

٥٣) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٣٣٢.

(54) Cengiz Eroglu and others: Op.Cite. P46.

٥٥)س.د.ع، ١٣٠٠ سنه هجريه سنه مخصوص-[١٨٨٢م]، ص٢١٢.

٥٦) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٢٨.

٥٧) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٥.

٥٨) سالنامه نظارت معارف عموميه، ١٣١٧هـ-[١٨٩٩م]. ص١٤٠٣.

٥٩) سالنامه نظارت معارف عموميه، ١٣١٧هـ-[١٨٩٩م]. ص١٤١٢-١٤١٣.

٦٠) سالنامه نظارت معارف عموميه، ١٣١٧هـ-[١٨٩٩م]. ص١٤١٨-١٤١٩.

٦١) سالنامه نظارت معارف عموميه، ١٣١٨هـ-[١٩٠٠م]. ص١٥٧٥، ١٥٨٤-١٥٨٥، ١٥٩٠-١٥٩١.

٦٢) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٣.

٦٣) نوفل أفندى نعمة الله نوفل(ترجمة من التركية إلى العربية): الدستور، بمراجعة و تدقيق: خليل أفندى الخورى، مجلد١، المطبعة، السورية، بيروت، ١٨٨٣. ص١٧٣.

٦٤) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٢٨، م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٥، م.و.س، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص١٦٥، م.و.س،١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٣.

٦٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دادگاکانی شەرعی لەدەوڵەتی عوسمانی بڕوانەوە: أكمل الدين احسان أوغلى(إشراف و تقديم): الدولة العثمانية تاريخ و حضارة، ت: صالح سعداوي، ج١، مركز الأبحاث للتاريخ و الفنون و الثقافة الإسلامية، استانبول، ١٩٩٩.

٦٦) د.حسان حلاق: التاريخ الاجتماعي والاقتصادي والسياسي في بيروت والولايات العثمانية في القرن التاسع عشر، ج١، دار الجامعية، بيروت، ١٩٨٧. ص٥

٦٧) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٢.

٦٨) کارەنتینە، (Qurantina): لە ریشەدا وشەیەکی ئیتاڵییە، بەمانای (چلەمیین) دێت، بۆ ئەو کەسانە بووە کە لە دەرەوەی شوێنێک یان وڵاتێکی تر هاتوون، گومانی هەڵگری نەخۆشی درمی و گوازراوەیان لێکراوە، بۆیە لە بنکەیەکی تەندروستی بۆ ماوەی چل رۆژ دەهێڵرانەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن تەندروستیان چاکە و هەڵگری نەخۆشی گوازراوە نین. دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە: د.حسان حلاق و د.عباس صباغ: المعجم

الجامع في المصطلحات العثمانية، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان،ط١، ٢٠٠٩، ص١٩٠.

٦٩) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٢٨.

٧٠ ) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٥-١٨٦.

٧١ ) بۆ زانیاری دەربارەی ئاماژەنەکردن بە رەوشی تەندروستی و دامودەزگاکانی، بڕوانە ئەم دوو ساڵنامەیە: م.و.س، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص١٦٥-١٦٦. و م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٢-٢٥٤.

٧٢ ) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٢٨.

٧٣) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٦٥.

٧٤) م.و.س، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص١٦٦.

٧٥ ) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٤.

٧٦ ) هند غسان أبو الشعر: **سجلات النفوس العثمانية مصدرا تاريخيا سجل نفوس قرية الشوبک نموذجا**، المجلة الأردنية للتاريخ والآثار، المجلد(٤)، العدد (١)، ٢٠١٠.ص١٠٣.

٧٧ ) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٢٨-١٢٩.

٧٨ ) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٥.

٧٩ ) م.و.س، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص١٦٥.

٨٠) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٣.

٨١ ) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرچاوەکانی ئابووری و داهات لە سەنجەق و قەزاکانی ویلایەتی موصڵ، بڕوانەوە ئەم ساڵنامەیە: م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٠٠-١٠٥.

٨٢ ) م.و.س، ١٣٠٨هـ-[١٨٩٠م]، ص١٢٨-١٢٩.

٨٣ ) م.و.س، ١٣١٠هـ-[١٨٩٢م]، ص١٨٦.

٨٤ ) م.و.س، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]، ص١٦٦.

٨٥ ) م.و.س، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]، ص٢٥٣-٢٥٤.